# دەبێ مانگرتن وخۆپیشان دانی هەزاران کەسی  رۆژی 21-6 سەرەتای کارمان بیت !

## خەلکی ئازادی خوازی شاری رانیه

14 ساله ئیمه هەموومان له لایەن دەسەلات دارانەوه هەرچی خواست و داواکاریەک که هەمان بووه به بیانووی جۆراو جۆرەوه پشت گوێ خراوه و بۆمان جیبەجێ نەکراوه،سەردەمیک دەیان گووت حکومەتمان ساوایه و سەردەمیکی تر شەری ناوخۆکەیان  دەکرده بیانوو وسەردەمیکی تر دەیان گوت داهاتمان نیه و ئیستاش که هەموومان شاهیدین گەندەلی ئیداری و تەخشان وپەخشان کردنی سەروەت وسامانی خەلك وپارەی پرۆژە خزمەت گوزاریەکان، بوّته بەشیك له سەرمایەی کەلەبونی گەوره بەرپرسان. وەختیکیش باسی گەندەلی ئیداری دەکریت له گەلیاندا نمونەی صین و کوێ وکوێ مان نیشان دەدەن تا بەم شیوەیە قەناعەتتان پێ بکەن که گەندەلی ئیداری شتیکی ئاساییه و له هەموو دنیادا هەیه!

لەم وولاتەدا بۆ دەسەلات داران هەموو شتیك هەیه و له هەموو خۆشیەکانی ژیان بەهرەمەندن ،بەلام بەشی خەلك بریتیه له نەبوونی وگرانی و برِیکی کەمی موچەو کەمترین ئاست لەخزمەت گوزاری وژیان له ناو تەپ وتۆزو خنکانی هەموو خەونەکانی لاوانمان ورۆژانه  تیدا چوونی چەندین کەس له خەلکی شارەکان له ئەنجامی نەبوونی جاددە وریگاو بانی پیویست وو هەروەها نەبونی کارەباو ئاوی تەندروستو بەردەوامو کەمی سوتەمەنیو بەنزینو هەلکشانی نرخەکانی بۆ دەهێنده لەم گەرمای هاوینەداو دەیان و دەیان کیشەی تر.

ئیسته به تەجرووبه بۆ هەموو لایەکمان دەرکەوتووه که دەسەلات داران و حکومەتی هەریم به قسەی خۆش نایەن به پیر داخوازیەکانمانەوه ،ئیمه دەبێ خۆمان له خۆمان بپرسینەوه وئەو هەنگاوەی که له رۆژی 21-6 دا نامان و به هەزارانمان هاتینه سەر جاددە له پیناو بەدی هینانی خواست و داواکاریەکانماندا،دەبێ ببیته سەرەتای کارمان وچیتر له بەرامبەر بێ مافیەکانمان بێ دەنگ نەبین و ئەو باجەی که تاکو ئیستا داومانه باجی بێ دەنگیمان بووه و دەبێ کۆتایی بەمه بهینین.

دوینێنوینەرانی خەلك له کاتی گفت وگۆیان دا له گەل قایم قام و دەسەلاتدارانی شاری رانیه دا به دوور و دریژی له سەر هەموو کەم و کوریەکان و کیشه و گیر و گرفتەکانی خەلك قسەیان کردووه و ئەم خۆپیشان دان و مانگرتنه هەزاران کەسیەش پەیامیکی رۆشنی خەلك بوو بۆ دەسەلات داران تا چیتر یاری به چارەنووسمانەوه نەکەن .

بەلام ئیمه دەمانەوی هەموو لایەك لەوه ئاگادار بکەینەوه که ئەگەر هەنگاوەکانمان بەردەوام نەبن ،ئەوا ئەم مەوزوعەش به چەند دەستکەوتیکی کەم کۆتایی پێ دیت .بۆیه لەم بارەیەوه دەبی خەلکی ئازادی خوازی شاری رانیه بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیانو دابینکردنی پیداویستیه خزمەتگوزارییەکان، پێش هەر شتێک پێویستیان بەوەهەیه که خۆیان ڕیکخراوو یەکگرتوو بکەن، له ریگای هەلبژاردنی نوینەری گەرەکەکانەوەو پاشان پیك هینانی لیژنەیەك له نوینەرانی گەرەکەکان و تویژەکانی تری وەك لاوانەوه به شیوەیەکی بەردوام له گەل خەلكدا له پەیوەندی دا بن وکۆبوونەوەی جەماوەری به خەلك بکریت و له هەمان کاتیشدا ئەم لیژنەیه دەبیت  چاودیر ومتابعی کارەکانی ئیدارەی شاری رانیه بکات و له چۆنیەتی نەخشه دانان و جیبەجی کردنی پرۆژەکان و دابین کردنی خزمەت گوزاریەکاندا دەورو نەخشی هەبیت ، تا بەم شیوەیه بتوانین به شیوەیەکی بەردەوام دەنگی خۆمان بگەیەنین و له رەوتی رووداوەکانیش ئاگادار بین و هیچ کەس و لایەنیك نەتوانی لەمەودوا یاری به چارەنووس مانەوه بکات. کۆمیتەی پشدەرو بتوینی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق له ریزی خەباتو نارِەزایەتی ئێوەدایه.

سەرکەووتوو بیت ئیرادەی خەلکی ئازادی خواز له پیناو بەدی هینانی خواسته رەواکانیان

### کۆمیتەی پشدەر و بیتوینی حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق

### 2005-6-22